**دەوڵەتەکەی ئەسەد و سنوورەکانی....**

ئێمە هەمیشە دەوڵەتە داگیرکەرەکانمان  بە گەرای ئیمپریالیزم زانیوە و بێ پاڵپشتی هێز و بەرژەوەندی کۆلۆنیالیزمی جیهانی نە ئەو دەوڵەتانە دروست دەبوون و نە کوردستان داگیر  دەکراو و دابەش  دەکرا...

ئەو دەوڵەتانە  تا ئیمڕۆش هەر لەلایەن هێزە کۆلۆنیالیستەکانەوە بەتایبەت بەریتانیاوە  بەڕێوە دەبرێن!!..  بەواتایەکی دیکە، ئەم دەوڵەتانە دروستکراو و جێبەجێکەری پلان و نەخشتە و ئامانجی کۆلۆنیالیستی بەڕێوەیان دەبات و دەیان پارێزێ...

بێ شەرمی لەوەدایە نەتەوەی کورد  بەخوێن و جەستەی  ڕۆڵەکانی خەبات بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی خۆی  دەکات،  لە بەدەوڵەتبوون دایە، کەچی «تورک و فارس و عەرەب »تاوانباری دەکەن بە کوتەکی ئیمپریالیزم و ئیسرائیلی دووەم...

لێرەدا دوو بابەتی گرنگتان دەخەمە بەرچاو کە لە ڕۆژنامەی «شرق الاوسط» دا بڵاوکراوەتەوە، لەسەر دەوڵەتە زۆڵەکەکەی سووریای ئەسەد...

١ -ئێران شکستی هێناوە عێراق وەک پردێک بەکار بهێنێ بۆ پەڕینەوە بۆ سووریا لەسەر سەرزەمینەوە، بۆیە بڕیاری داوە، لە بەندەر عباسەوە ڕاڕەوێک بە ئاودا ساز بدات بۆ لازقییە .

کەواتە کورد و کوردستان ئاستەنگی بەردەم ئێرانە و ڕێگە نادات ئەو خەونەی بێتە دی؟..!!

کورد هەڵکەوتی چیوپۆلەتیکی کوردستانی بۆتە ئەم کۆسپەی بەردەم ئێران..!

٢ -بەپێی هەواڵێکی تری ئەم ڕۆژنامەیە، لێکۆڵەرێکی فەرەنسی «فابریس بالانس» لە پەیمانگایەکی ئەمەریکا ئەنجامی داوە85% سنووری سووریا

بەدەست هێزی بێگانەوەیە: «ئێران، ڕووسیا، حیزبوالله، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی و تورکیا و چەتەکانی..«

حبەم پێیە سووریای ئەسەد هەر 15% سنووری دەوڵەتەکەی بەدەستەوەیە... ئەم بەڵگەیەش ئەو ڕاستییە دەردەخاتەوە کەدەوڵەتە داگیرکەرەکان بە نەخشە و پلانی دەرەکی ناوچەیی و جیهانی ڕاگیراون و ماون... هاوکات چۆن هەمان ئەو دەوڵە داگیرکارانە پارێزگاری لەیەکتر دەکەن...!

بە هەموو قەناعەتەوە ئێستا ئەگەر کورد نەبێت عێراق هەفتەیەک خۆی بە پێوە ناگرێت!..

حکورد سیاسەتێکی باشتر لە باکووردا پێڕەو بکات بناغەی تورکیاش هەڵدەتەکێ...!

کورد لە ڕۆژهەڵات خۆی باشتر کۆکاتەوە و ستراتیژی سەربەخۆیی ڕاگەیەنێ ئێران دەبێتە یوگوسلاڤیا...!

ئەوەش دۆخی سووریایە، تورکیا و ئێران و عێراق بەهانەیەوە نەچن و چاوشارکێی کوردیشی لێ ببڕێ وەک بەفری بەرهەتاو دەتوێتەوە...!

لێرەدا بۆ زانیاری زیاتر لینکی هەردوو وتارەکەتان بۆ دادەنێم بۆ خوێندنەوە.

هەڵۆ بەرزنجەیی ١٥/٢/٢٠٢١

